- نوێترین بڕیارەکانی ڕێنووسی زمانی کوردی
- ئامادەکردن: دیاکۆ هاشمی
- یەکەم بڵاوکردنەوە: 2003-09-06
- دوایین نوێکردنەوە: 2021-01-10

# ڕێنووسی زمانی کوردی

Kurdish orthography


1. پێشەکی
2. ئەلفبێ
3. بزوێنەکان
4. یاسای بزوێن و دۆخە ئاوارتەکان
5. بزرۆکە
6. ئەلفبێی لاتینی
7. کێشەی پیتەکان
8. هەمزە
9. کێشەی (ر، ڕ)
10. کێشەی (ک، ك)
11. کێشەی تێکەڵکردنی (ھ، ە)
12. (و، وو)
13. (ی، یی)
14. (یە)
15. (و)ی پێوەندی
16. (ی)ی پێوەندی
17. پیتی ت لە وشەدا
18. جێناوی لکاوی (ی، یان)
19. جێناوی نیشانە
20. دووەدەنگە
21. وشەی لێکدراو
22. وشەی داڕێژراو
23. فرمانی لێکدراو
24. فرمانی داڕێژراو

25. پریپۆزیشن
26. کێشەی "دە" و "ئە"
27. کێشەی (لە)
28. کێشەی (بێ) و (بەبێ)
29. کێشەی ئامرازی (تر) و وشەی (تر)
30. ئاوەڵکار
31. وشەی بیانی
32. خاڵبەندی
33. تەختەکلیلی کوردی
34. ژێدەرەکان

## ١. پێشەکی

ڕێنووس واتە یاسا و ڕێسای چۆنێتیی نووسینی وشە و کار لە دۆخی جۆربەجۆری وەک **تاک**، **لێکدراو**، **داڕێژراو**، **چاوگ** و **گەردان**. ڕێنووس هەروەها لە شێوەی بەکارهێنانی **ئامراز** و **گیرەک** دەدوێت.

بۆ ئەوەی نووسین و خوێندنەوە خێراتر و ساناتر ببێت و زمانەکە بتوانێت **دیجیتالی** بکرێت و لە **بنکەدراوەدا** بەکار بهێنرێت، زۆر گرنگە هەموو بەکارهێنەران خۆیان لە دەوری یەک ڕێنووسدا کۆ بکەنەوە. هەموو دەقەکانمان لە هەموو شوێنێک و لەسەر ئینتەرنێت بە یەک شێوە بن تا بتوانرێت ببنە بنەما بۆ پێشکەوتنی زمانەوانی و کاری زانستیی تر.

لە گووگڵدا بگەڕێن بەدوای وشەی **جێبەجێ** و **جێ بەجێ**، بزانن ئاخۆ ئەو ماڵپەڕانەی دەیدۆزێتەوە هەمان ماڵپەڕن؟ بێگومان نە، ئەوە نیشان دەدات چەندە گرنگە کە هەموومان پێکەوە بەس یەک جۆرە ڕێنووس بەکار بهێنین. هەروەها گرنگە کە هەموومان یەک شێوازی تەختەکلیلی ستاندارد بەکار بهێنین.

هەندێک جار ڕێنووس پاڵپشتییەکی زمانەوانیی لەگەڵە، هەندێک جاریش تەنها پێویستی بە ڕێککەوتنێک هەیە.

پیتەکانی ئەلفبێی هیچ زمانێک بەتەواوی هەموو دەنگەکانی ئەو زمانە نانوێنن، بەڵکوو دەبێت ڕێککەوتنێک لەنێوان بەکارهێنەرانی زمانەکەدا هەبێت. ئەم ڕێککەوتنەش نابێت بەپێی چێژی تاکەکەسی بێت بەڵکوو دەبێت بەپێی بڕیاری گشتیی زۆرینەی زمانەوانان یان کۆڕ و کۆمەڵە زمانەوانییەکانی زمانێک بێت.

لەم وتارەدا، هەوڵ دەدرێت بەگوێرەی بڕیارەکانی "ئەکادیمیای کوردی" و ڕێککەوتنەکانی هەندێ گرووپی ئایتی وەک "زانستپەروەرانی کورد" و بە لەبەرچاوگرتنی زانستی تەکنۆلۆجیای زانیاری (IT) و بە بەراوردکاری لەگەڵ زمانە زیندووە ئەورووپییەکاندا، کۆمەڵێک یاسا و ڕێسا ڕوون بکرێنەوە، تا لە ڕێنووسێکی بێهەڵە

نزیکتر ببینەوە.
لەم ڤیدیۆیە کە لەسەر یوتیوب دامان ناوە دەتوانن سەردێڕی پتر لە ٤٠ هەڵەی ڕێنووسی چاو لێ بکەن.

...

تەختەکلیل و فۆنتی یونیکۆد:

پێش لەوەی بچینە ناو باسی ڕێنووسەوە، دەبێت ئاماژە بەوە بکەم کە هەموو کەسێک دەبێت واز لە تەختەکلیل و فۆنتی نایوینکۆد بهێنێت و بەس کەڵک لە تەختەکلیل و فۆنتی یونیکۆد وەربگرێت. بۆ زانیاریی زیاتر دەتوانن چاو لە ڕەوتی تەختەکلیلی کوردی بکەن.

***

**بڕیاری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان: هەموو دامودەزگا حکوومەتییەکان لە کوردستاندا دەبێت کەڵک لە تەختەکلیل و فۆنتی یونیکۆد وەربگرن. بڕیارەکە.**

***

□ ٢. ئەلفبێ

باشترە لە باتیی "ئەلف بێ"، "ئەلف و بێ" یان "ئەلفوبێ" تەنیا (ئەلفبێ) بەکار بهێنرێت چونکە ئەو وشەیە وشەیەکی لێکدراوە، وشەی لێکدراویش لە پلەی یەکەمدا دەبێت بەبێ یارمەتیی هیچ گیرەکێک چێ بکرێت، ئەگەر ئەوە نەکرا ئەو کاتە لە هەندێک ئامراز و گیرەکی وەک (...و...) کەڵک وەردەگیرێت.

***

پیتەکان و دەنگەکان:

پیتەکان: پیتەکانی ئەلفبێی زمانی کوردی (٣٤) پیتن و بەم شێوەیەی خوارەوە ڕیز دەکرێن:
ئ ـ ا ـ ب ـ پ ـ ت ـ ج ـ چ ـ ح ـ خ ـ د ـ ر ـ ڕ ـ ز ـ ژ ـ س ـ ش ـ ع ـ غ ـ ف ـ ڤ ـ ق ـ ک ـ گ ـ ل ـ ڵ ـ م ـ ن ـ هـ ـ ە ـ و ـ ۆ ـ وو ـ ی ـ ێ.

**تێبینی: گرنگە پیتەکان بەو شێوەیەی سەرەوە ڕیز بکرێن و شوێنەکانیان پێش و پاش نەخرین.**

***

دەنگەکان:

زمانی کوردی (٣٧) دەنگی هەیە، بەڵام لە سیستەمی ئەلفبێدا (٣٤) پیتی بۆ دیاری کراوە.

1. بۆ دوو دەنگی بزوێن و نەبزوێنی (u و w) تەنها یەک پیتی (و) دانراوە: (وانە wane)، (کورد Kurd).
2. بۆ دوو دەنگی بزوێن و نەبزوێنی (î و y)یش یەک پیتی (ی) دانراوە: (میر mîr)، (مەی mey)، (یار yar).
3. بۆ دەنگی درێژی (û)ش **واو** دووپات بووەتەوە (وو = û).

کەوا بێت، پیتی (و) و پیتی (ی) هەم ئەرکی بزوێن و هەمیش ئەرکی نەبزوێن دەگێڕن.

دەنگی فرەکورتی (i) هیچ پیتێکی بۆ دانەنراوە: (بردن birdin)، هەر بۆیە پێی دەوترێت "بزرۆکە"، واتە بزر بووە.

کەوا بێت بۆ پێنج (٥) دەنگی (w, u, y, î, i) تەنیا (٢) پیتی (و، ی) لەبەرچاو گیراوە، هەر بۆیە دەڵێن ژمارەی دەنگەکان (٣٧)ن و ژمارەی پیتەکان (٣٤)ن. لە زۆربەی زمانەکانی دنیادا ژمارەی دەنگەکان و پیتەکانی ئەلفبێ وەکوو یەک نین، بۆ نموونە لە زمانی فارسی، سویدی و ئینگلیزیدا.

ئەلفبێی_زمانی_کوردی_بە_ڤیدیۆ

***

### ٣. بزوێنەکان

بزوێن بەو دەنگانە دەوترێن کە لە کاتی بێژە و گۆکردندا، دەم و زار تۆزێک زیاتر دەکرێنەوە و زیاتر دەکێشرێن. بزوێنەکان جووڵە و بزواندن دەخەنە ناو وشەوە.

بزوێنەکان لەڕاستیدا (٨) دەنگن، بەڵام لە ئەلفبێدا تەنها (٧) دەنگیان پیتیان بۆ دانراوە و دەنووسرێن و بریتین لە: (ا، ە، و، ۆ، وو، ی، ێ).

***

**یاسا: هەر وشەیەکی کوردی پێک هاتووە لە لانی کەم یەک برگە و لە هەر برگەیەکیشدا یەک بزوێن هەیە، بۆ نموونە:**

1. یەک برگەیی: (ناو naw).
2. دوو برگەیی: (کۆ مار = کۆمار komar).
3. سێ برگەیی: (هێ لا نە = هێلانە hêlane).
4. چوار برگەیی: (جاڵجاڵۆکە callcalloke).

***

### ٤. یاسای بزوێن و دۆخە ئاوارتەکان

لە وشەی سەربەخۆی فەرهەنگیدا دوو بزوێن بەدوای یەکتردا نانووسرێن، بەڵام جاری وایە کاتێک کە پاشگرێک یان وشەیەکی تر بێتە پاڵ وشەی پێشەوە، ڕەنگە ئەو یاسایە تێک بچێت، بۆ نموونە وشەیەکی وەکوو "**خەوتووەکان**" لەڕاستیدا بە سێ واو بێژە و گۆ دەکرێت "خەوتوووەکان xewtûwekan"، بەڵام چونکە بڕیار دراوە کە سێ واو "ووو" بەدوای یەکتردا نەنووسرێت هەر بە "وو" دەینووسین وەک:

- خەوتوو + ە = خەوتووە xewtûwekan
- خەوتووەکان، وەک دەبینن دوو بزوێن واتە "وو" + "ە" بەدوای یەکتردا نووسراون کە هەڵەیە و لەڕاستیدا دەبێت ئاوا بنووسرێت: "خەوتوووەکان xewtûwekan" بەڵام کورد بڕیاری داوە کە سێ واو

"ووو" بەدوای یەکتردا نەنووسێت هەر بۆیە بەس بە دوو واو واتە "وو" دەنووسرێت و دەبێتە خەوتووەکان xewtwûwekan.

- نووستوو + ە = نووستووە nûstûwe
- ڕۆیشتوو + ان = ڕۆیشتووان royiştûwan
- هاتوو + ان = هاتووان hatûwan

بەڵام لەو جۆرە دۆخانە بەو لاوە، لە وشەی کوردیدا دوو بزوێن بەدوای یەکتردا نانووسرێن.

- **یاسا: لە وشەی فەرهەنگیدا دوو بزوێن بەدوای یەکتردا نانووسرێن.**
- **یاسا: لە کوردیی ناوەڕاستدا هەمیشە یەکەم دەنگ، دەنگی نەبزوێنە و دووەم دەنگ، دەنگی بزوێنە: (خۆزگە xozge)، (مل mil).**

دۆخی ئاوارتە دوو نەبزوێن لە سەرەتاوە:

زۆرینەی کرمانجیئاخێوەکان وشەی "ستران" لە کرمانجیی ژووروودا بە "stran" بێژە دەکەن، نەک "sitran". واتە ئەگەر چاوی لێ بکەن لە سەرەتای ئەو وشەیەدا سێ نەبزوێن پێکەوە هاتوون بێ ئەوەی پێویست بە بزوێن بکات، "ستر str".

نموونەی تر وشەی Stockholm ە کە بە سویدی پێی دەوترێت "ستۆکهۆڵم Stockholm"، نەک "ئستۆکهۆڵم Istockholm" یان "Sitokholm"، هەر کاتێک بمانەوێت ئەو ناوە بە کوردی بنووسین هەر دەبێت بنووسین: "ستۆکهۆڵم"، لەوێشدا دەبینن کە لە سەرەتای وشەکەدا دوو نەبزوێن "ست" هاتوون.

***

ە. بزرۆکە (i)

هەندێک وشەی کوردی هەن کە لە ڕواڵەتدا بزوێنیان تێدا نابینرێت، نموونە: (بردن، من، ژن، چل، مردن، بزن، خستن)، بەڵام لەڕاستیدا دەنگی بزوێنیان تێدایە. ئەو بزوێنە لە ئەلفبێی کوردیی لاتینیدا بە پیتی (i) دیاری کراوە، بەڵام لە ئەلفبێی عەرەبیدا هیچ پیتێکی بۆ دانەنراوە، لەم ئەلفبێیەدا دیار نییە و بزر بووە، بۆیە ناوی نراوە: بزرۆکە (کسرە مختلسە). ئەگینا لەڕاستیدا (بزوێنی فرەکورت)ە، نموونە:

(بردن birdin)، (من min)، (ژن jin)، (چل çil)، (مردن mirdin)، (بزن bizin) و (خستن xistin).

وشەی "مشک" لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستاندا بە دوو شێوازی (mişk) و (mişik) بێژە دەکرێت، بەڵام لە ئەلفبێی عەرەبیدا هەر بە یەک شێواز دەنووسرێت: "مشک".
کەوا بێت دەنگێکی تری کوردیمان هەیە و لەگەڵ ئەو دەنگەکانی تر دەبێتە (٨)ەمین دەنگی بزوێنی کوردی و بە **ئەلفبێی ناوەندی** نانووسرێت و "بزرۆکە"یە. (i).

جاری وایە پیتی "ئ" لە سەرەتای وشەدا لە باتیی بزوێنی فرەکورتی بزرۆکە i دەنووسرێت:

ئسفەهان Isfehan، ئنجا inca، ئشق işq.

لەم ڤیدیۆیەدا دەتوانن چاو لە ئەلفبێی کوردی بکەن:

ئەلفبێی کوردی

***

### ٦. ئەلفبێی کوردی بە لاتینی

- **کوردیی ژووروو (کرمانجی):**

لە کوردیی کرمانجیدا بۆ نووسین کەڵک لەم ئەلفبێیە وەردەگیرێت کە **(٣١)** پیتن:

**A – B – C – Ç – D – E – Ê – F – G – H – I – Î – J – K – L – M – N – O – P – Q – R – S – Ş – T – U – Û – V – W – X – Y – Z**

بزوێنەکانی بریتین لە (٨) دەنگ و هەر هەشتەکەیان دەنووسرێنەوە:

**(A – E – Ê – I – Î – O – U – Û)**

- **کوردیی ناوەندی (کوردیی ناوەڕاست، سۆرانی):**

هێشتا لەلایەن شوێنێکی فەرمیی وەک ئەکادیمیاوە جۆری پیتەکان بە لاتینی بۆ کوردیی ناوەڕاست دیاری نەکراون.

لەو ئەلفبێیەدا بۆ دەنگەکانی (ح، ع، غ، ڕ، ڵ) پیت دەستنیشان نەکراون، هەڵبەت لە سیستەمی یونیکۆددا دەکرێت بۆ ئەو دەنگانە جۆرێک پیت هەڵبژێردرێت، بەڵام زیادکردنی پیتی نوێ لەلایەن ئەکادیمیا و هەندێ زمانەوانەوە زۆر بە گونجاو نازانرێت مەگەر لەڕووی ناچاری بێت. زمانە ئەورووپییەکان خۆیان بۆ هەموو دەنگەکان پیتیان نییە و ئیتر هەوڵ نادەن پیتی نوێ درووست بکەن، بۆ نموونە لە سویدی و ئینگلیزیدا پیتیان بۆ دەنگی "ش، چ" نییە.

دەتوانین کێشەی ئەو پیتانە بەم شێوەیانەی خوارەوە چارەسەر بکەین:

***

کێشەی (ع) بە پیتی لاتینی: دەنگێکی کوردی نییە و وشەی کوردیی زۆر کەممان هەیە کە "ع"ی تێدا بێت، هەر بۆیە باشترە بیر لەوە نەکەینەوە کە پیتی بۆ دابنێین.

پێشنیاری یەکەم: هەر وەک عەرەبەکان بە نیشانەی (ʻ) بینووسین، وەک: ع ʻ: مەعرووف Meʻrûf،

پێشنیاری دووەم: هەر بە پیتی (a) بنووسرێتەوە وەک: مەعرووف Marûf.

***

کێشەی (ح) بە پیتی لاتینی: دەنگێکی ناکوردییە و پێویست ناکات پیتی بۆ دابنێین.

پێشنیاری یەکەم: هەر بە (h) بنووسرێتەوە و لە وشەدا لە واتاکەی تێ دەگەین: (مەحوی Mehwî).

پێشنیاری دووەم: بە (ĥ) بنووسرێتەوە، بۆ نموونە ئاوا بەکاری بهێنین: (مەحوی = Meĥwî).

***

کێشەی (ڕ) بە پیتی لاتینی: باشتر وایە پیتی جیاوازی بۆ دانەنێین:

پێشنیاری یەکەم: باشترین ڕێگەچارە ئەوەیە هەر وەک کرمانجی پیتی جیاوازی بۆ دانەنێین. وەک زمانە ئەورووپییەکان، بۆ نموونە وەک زمانی سویدی (Nor, Norr) بە دووپاتبوونەوەی خۆی بینووسین:

سەرەتای وشە: هەر بە R بنووسرێت: (ڕێگا = Rêga).

ناوەڕاستی وشە: بە دووپاتبوونەوە: (هەڕە = Herre).

کۆتاییی وشە: دووپاتبوونەوە: (شەڕ = şerr).

پێشنیاری دووەم: بە (Ř) بینووسین بۆ نموونە: (هەڕە heře). کە بژاردەیەکی گونجاو نییە.

***

کێشەی (ڵ) بە پیتی لاتینی: باشتر وایە پیتی جیاوازی بۆ دانەنێین تەنیا بە دووپاتبوونەوەی (L) چارەسەری بکەین:

نموونە: وشەی کاڵەک kallek (بۆ سەرەتای وشە پێویست ناکات).

(هەڵاڵە hellalle)،

(پاڵەوان pallewan)،

(لێوئاڵ lêwall).

**سەرنج: ئەگەر وشەیەکی وەکوو "کوللە"، "گوللە" بوو ئەو کاتە دوو پیتی (L)ەکە لە لاتینیدا بەیارمەتیی بەستهێڵێک بە یەک دەبەسترێتەوە. (گوللە gul-le)، (کوللە kul-le). ئەمانە لە زمانی کوردیدا زۆر نین.**

***

**تێبینی: ئەکایمیای کوردی دانانی پیتی نوێ بە پێویست نازانێت، چونکە ڕای وایە لە هەموو شێوەزارەکانی تریشدا دەنگی زۆر زۆرتر هەن کە ئەگەر بۆ هەموویان پیت دابنێین ژمارەی پیتەکانی ئەلفبێ بەرز دەبنەوە.**

***

بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەلفبێی کوردیی لاتینی تکایە چاو لەم ڤیدیۆیە بکەن:

***

### ٧. کێشەی پیتەکان:

هەندێ کەس لە کاتی بەکارهێنانی پیتە کوردییەکاندا تووشی هەڵەی ڕێنووسی دەبن، لێرە ڕوونیان دەکەینەوە:

***

### ٨. هەمزە (ئ)

هەمزە، لە زمانی عەرەبی و فارسیدا، لە چەند شوێنێکی جۆربەجۆردا بەکار دەچێت، وەکوو: (أ إ لأ لإ ؤ ء ئ)، بەڵام لە زمانی کوردیدا تەنیا شێوازی (ئ) بەکار دەهێنرێت، ئەویش بە مەبەستی ئەوەی نەهێڵێت دوو بزوێن بەدوای یەکتردا بنووسرێن. کە وا بێت ناتوانین بڵێین کە هەمزە لە زمانی کوردیدا وەک فارسی و عەرەبی بەکار دەهێنرێت. هەمزە لە زمانی کوردیدا هەمیشە لەگەڵ بزوێنێکدا دێت:

ئـا، ئـە، ئـو، ئـۆ، ئـوو، ئـی، ئـێ.

لەڕاستیشدا ئەو کاتانەی کە لە هەندێک وشەی وەک "ئـنجا" و "ئـسفەهان"یشدا کە دەبینرێن هەر پێویستی بە بزوێن هەیە بەڵام لەو کاتانەدا بزرۆکە هەیە و بزرۆکەش نانووسرێت ئەگینا لەو شوێنانەشدا دیسانەوە لەگەڵ بزوێندا دێت. لەبەر ئەوە ئەگەر بمانەوێت بە کوردی ناوێکی بۆ دابنێین دەکرێت بڵێین کە "ئاوەڵبزوێن" ناوێکی گونجاوە بۆی.

هەندێک لە زمانزانان هەمزە بە بزوێن دادەنێن و لای هەندێکیش بە نەبزوێن دەناسرێت، بەڵام لەڕاستیدا کورد، هەمزەی بە شێوازی (ئ) بەکار هێناوە و بڕیاری داوە وەکوو (نەبزوێن)ێک چاوی لێ بکات، بۆ ئەوەی نەهێڵێت دوو بزوێن بەدوای یەکتردا بێن، یان هەندێک بزوێن لە سەرەتای وشەدا بنووسرێن، نموونە:

- ناازاد = نائازاد
- او = ئـاو
- ەو = ئـەو
- ۆخەی = ئـۆخەی
- ورووپا = ئـورووپا
- ێجگار = ئـێجگار

### قرتاندنی (ئ)

کورد هەر لە کۆنەوە تا بۆی کرابێت هەمزەی تەنیا لە کاتی پێویستدا بەکار هێناوە ئەگینا قرتاندوویەتی، بۆ نموونە لە کۆنەوە وای کردووە:

- ترش + ئاو = ترشاو (نەک: ترشئاو)

- کوڵ + ئاو = کولاّو (نەک: کولّئاو)، واتە ئاوێک کە کولاّوە.
- بار + ئاش = باراش (نەک: بارئاش).
- گۆلک + ئاو = گۆلکاو (نەک: گۆلکئاو).

کە وا بێت دەتوانین ئەوە بکەینە بنەما بۆ وشەی لێکدراو یان دارێژراوی نوێش و هەر بەو پێیە گۆی بکەین و هەمزەکە بقرتێنین. بۆ نموونە:

- ڕۆژاوا، نەک ڕۆژئاوا
- خۆراوا، نەک خۆرئاوا
- ماڵاوایی، نەک ماڵئاوایی
- کاراسانی، نەک کارئاسانی
- بانەفشار، نەک بانئەفشار (ناوی گەڕەکێکە لە شاری قەسری شیرین لە پارێزگای کرماشان).
- کارەندامزانی، نەک کارئەندامزانی (physiology).
- تووڵامراز، نەک تووڵئامراز (تووڵامراز = toolbar). (تووڵ، شیش = bar)، (ئامراز، کەرەستە = tool).

هەروەها ئەمانە بەبێ (ئ) وا دەنووسرێن:

کەمەندام، چاوەسمەر، چاوەستێرە، گوڵەندام، گوڵەستێرە، شێرەندام، خاکەناز، ڕۆژاوا، خۆراوا.

تاقیکاری لەسەر هەمزە

***

### ٩. کێشەی (ڕ) و (ر)

"ڕ" دەنگێکی گڕە کە لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتاییی وشەدا دێت:

ڕاز، هەڕا، مەڕ.

جاران دەوترا بەبێ نیشانە، واتە سادە بینووسن بەڵام بە گڕ بیخوێننەوە. بۆ ئەو سەردەمەی کە خەڵک بەس بە دەست دەیاننووسی ڕەنگە ئەوە چارەسەرییەک بووبێت بۆ خێرانووسین، بەڵام ئەوڕۆکە لە دنیای دیجیتاڵیدا کۆدی خۆی هەیە، دوگمەی خۆی هەیە. کە وا بێت:

تێبینی: نابێت (ڕ)ی گڕ لەگەڵ (ر)ی سادەدا تێکەڵ بکرێت.

***

**بڕیاری ئەکادیمیای کوردی: هەموو دەنگێکی (ڕ) لە سەرەتای وشەدا گڕە و دەبێت بە (ڕ)ی گڕ بنووسرێت، نەک بە (ر)ی سادە، واتە "ڕ" هەم لە سەرەتا و هەمیش لە ناوەڕاست و هەمیش لە کۆتاییی وشەدا دەنووسرێت.**

(ڕ) و (ر) لە ڕووی ڕێزمانییەوە دوو فۆنیمی جیاوازی زمانی کوردین و لە ڕووی تەکنیکیشەوە لەسەر تەختەکلیلی کوردیی کۆمپیوتەریشدا دوو دوگمەی جیاوازیان بۆ دانراوە و لە سیستەمی یونیکۆدی (نووسە character) جیهانییەکانیشدا دوو ژمارەکۆدی جیاوازیان بۆ دانراوە. هەر بۆیە زۆر گرنگە ئەو پیتانە تێکەڵ نەکرێن چ لە سەرەتا و چ لە ناوەڕاست و چ لە کۆتاییی وشەشدا دەبێت وەک خۆی بنووسرێن. ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر بوترێت بەبێ چوکڵە بینووسن، بەڵام بە چوکڵەدار واتە گڕ بیخوێننەوە. مادام پیتی خۆی هەیە، لە سیستەمی یونیکۆدا کۆدی خۆی هەیە، :

سەرەتا: ڕاست، ڕێگا، ڕۆخ

ناوەڕاست: پەڕۆ، هەڕا، فڕاندن

کۆتایی: شەڕ، کەڕ، کوڕ

تاقیکاری لەسەر "ر" و "ڕ"

***

## □ ١٠. (ک) یان (ك)؟

پیتی (k) تەنانەت لە زمانەکانی فارسی و عەرەبیشدا کێشەلەسەرە. چونکە بە دوو شێوە دەنووسرێن: "ک"، "ك". ئەو دوو کافانە دوو کۆدی جیاوازیشیان هەیە، (ک U+06A9) و (ك U+0643). خۆ ناکرێت بەرانبەر بە کۆدێکی لاتینی دوو کۆد دابنرێت، هەر لەبەر ئەوە لەو زمانانەشدا کێشەی هەیە.

لە تەختەکلیلی ستاندادری یونیکۆدی کوردیدا کە لەلایەن "کوردئایتیگرووپ"ەوە درووست کرا، ئەو کێشەیە یەکلایی کرایەوە. بڕیاریان دا لە باتیی (ك) کەڵک لە (ک) وەربگیرێت بۆ ئەوەی یەک جۆرە پیتمان بەرانبەر بە (k) هەبێت. چونکە لە سەرەتا و لە ناوەڕاستی وشەدا بەرانبەر بە (k) هەر (ک) دەنووسرێت: (کار)، (پەلکە). تەنها لە کۆتاییی وشەدا "ك" بەکار دەهێنرێت: (چەك). کە وا بێت لە کۆتاییی وشەشدا هەر هەمان کار دەکەین. وەک:

چاک، پاک، خاک (نەک: چاك، پاك، خاك).

هەر بۆیە لە شوێنی دوگمەی (K)دا ئەمە دانرا: (ک U+06A9)، هەڵبەت بە شیفتیش ئەمە دانرا: (ك U+0643). بەڵام هیواداریین کورد بەرە بەرە واز لە (ك U+0643) بهێنێت.

***

**بڕیاری کوردئایتیگرووپ:**

**لە تەختەکلیلی کوردیدا بەرانبەر بە (k) لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتاییی وشەدا کەڵک لە "ک" (U+06A9) وەردەگرین و نەک لە "ك". هەڵبەت ئەوەش هەر دەخرێتە ناو تەختەکلیلی کوردییەوە بەس بە شیفت دەنووسرێت.**

بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە کێشەی (ک) تکایە چاو لەم بابەتە بکەن.

***

### ☐ ١١. کێشەی تێکەڵکردنی (ھ، ھ H) و (ە، ـە E)

ئەم دوو پیتەش وەک (**k**) کێشەیان هەیە، چونکە شێوەیان لە یەک دەچێت، بەڵام کۆد و ئەرکیان لە زمانی کوردیدا جیاوازە.

بۆ نموونە بۆ نووسینی "ھ h" لە وشەکانی "هانا" و "سێهەم"دا لە یەک کۆدی (U+0647) کەڵک وەردەگیرێت، بەڵام لە نووسینی "ە E" بۆ نموونەی لە وشەی "پەلە"دا کەڵک لە کۆدی (U+06D5) وەردەگیرێت. واتە بۆ ئەو دوو پیتەی کە شێوەیان لە یەک دەچێت لە دوو کۆدی جیاواز کەڵک وەردەگیرێت.

کێشەکە ئەوەیە کە هەندێ کورد لە کاتی نووسین بە کۆمپیوتەردا تووشی هەڵە دەبن و بۆ نووسینی بزوێنی (ە)ی کوردی دەست دەنێن بە دوگمەی (H)دا و وەک یەک چاوی لێ دەکەن. ئەمە کێشەیەکی گەورەیە بۆ زمانی کوردی. وا دەزانن هەر دووکیان هەمان شتن. بۆ نموونە دەنووسن سەر، بەڵام کاتێ هەر بە (H) بینووسن دەبێتە "سهر"، کە هەڵەیە ئەو کاتە ناچارن جیای بکەنەوە و دەنووسن "سە ر"، کە ئەویش هەر هەڵەیە، هەر بۆیە دەبێت کەڵک لە دوگمەی (E) وەربگرن. کە ناهێڵێت پیتەکان پێکەوە بلکێن و دەبێتە "سەر" کە درووستە.

لە ئەلفبێی دیجیتالیی کوردیدا (ھ، ھ H) جیاوازیی هەیە لەگەڵ (ە، ـە E) و بە یەک دوگمە نانووسرێن.

تکایە لە نووسینی کوردیدا ئەو دوو پیتە تێکەڵ مەکەن، وا بینووسن:




***

### بۆ نووسینی (ھ)

ئەگەر پەنجە بنێی بە دوگمەی H بە شێوەی (ە) دەر دەچێت، بۆ ئەوەی بە شێوەی (ھ) بنووسرێت ئاوا بکە:

ھ = (M) + (Shift) + (H)

تێبینی: لە ڕێککەوتنێکدا بڕیار درا کۆدێکی نوێ بۆ "ھ" دابنرێت تا بەس بە یەک کلیک بنووسرێت. ئەو کۆدە کە بۆ نموونە لە زمانی ئوردوودا بەکار دەچێت بەکار دەهێنرێت بۆ ئەم تەختەکلیلە کوردییە و لەسەر ماڵپەڕی "تەختەکلیلی کوردی"ی فەرمانگەی ئایتیی کوردستان دادەنرێت و بەم زووانە دەتوانن ئەو تەختەکلیلە لەوێ دابگرن. ئەو پیتە نوێیە لە تەختەکلیلی کوردیدا بە دوگمەی (Shift) و (H) دەنووسرێت. من خۆم لە وەشانێکی تاقیکردنەوەییدا بەو تەختەکلیلە دەنووسم و پیتی "ھ" بە شیفت و (H) دەنووسم. بە مەبەست لەژێر شیفت دامان ناوە چونکە وتمان با "ھ"ی سەرەتای وشە تێک نەچێت هەر

کاتێک ویستمان بەتایبەتی "ە" بنووسین ئەو کاتە لەوە کەڵک وەردەگرین، بۆ نموونە بۆ نووسینی هەندێ وشەی کۆن: ماە، بەە، بەە.

["spacer height="20px]

***

⬚ ١٢. کێشەی (و) و (وو)

(وو û) دەنگێکی بزوێنە و هەرگیز نابێت لە سەرەتای وشەدا بنووسرێت. زۆر هەڵەیە بنووسی:

(ووشە şe û، ووچر çr û، ووو n û، ووس s û و هتد)،

بەڵکوو دەبێت بە (و w)ی نەبزوێن بنووسرێت، چونکوو دوای ئەو پیتە، بزرۆکە هەیە، کەوا بێت دوو بزوێن پێکەوە نانووسرێن و دەبێت وا بنووسرێن:

(وشە wişe، ورچ wirç، ون win، وس wis و هتد).
بەڵام لە ناوەڕاست و کۆتاییدا دەنووسرێت: (سوور sûr)، (نوور nûr)، (چوو çû)، (توو tû).
زۆر کەس بە هەڵە دەنووسن: "کەرکوک، مەحمود، حوکومەت و هتد". کە ڕاستییەکەی ئاوایە: کەرکووک، مەحموود، حوکوومەت و هتد".

***

⬚ ١٣. کێشەی بزوێنی درێژی (î)

دەنگی درێژی (î) لە ئەلفبێی عەرەبیدا هیچ پیتێکی جیاوازی بۆ دانەنراوە. "کۆڕی زانیاریی کورد" لە بەغداد تەقەڵێکی لەسەری دادەنا، بەڵام لای خەڵک جێ نەکەوت و بەکار نەهێنرا. هەندێ کەس کەڵک لە (یی) وەردەگرن و بۆ نموونە دەنووسن (تییر tîr)، (کوردیی kurdî)، (سیی sî)، بەڵام تێکڕای زمانەوانان و ئەکادیمیاش ئەوە بە درووست دانانێن چونکە ڕایان وایە کە ئەو دەنگە یەک فۆنیمە نەک دوو و لە ئەلفبێدا پیتێکی جیاواز و تایبەتی بۆ دانەنراوە، ناکرێت بە دووپاتکردنەوەی "ی" درێژی بکەیتەوە.

***

**بڕیاری ئەکادیمیا: دەنگی "ی" لە زمانی کوردیدا یەک فۆنیمە نەک دوو، هەر چەند هەندێ جار کورت و هەندێ جاریش درێژ گۆ دەکرێت، بەڵام واتا ناگۆڕدرێت و فۆنیمی تر ناهێنێتە کایەوە و پێویست بە نیگاری تر ناکات. ئەم دوو دەنگی "ی"یە بە تیپی عەرەبی بە یەک شێوە دەنووسرێت بەڵام بە تیپی لاتینی جیاوازن.**

کە وا بێت چ لە سەرەتا و چ لە ناوەڕاست و چ لە کۆتاییشدا، هەر بە "ی" دەنووسرێت وەک: (یار yar)، (تیر tîr) نەک (تییر tîr)، و کوردی (نەک کوردیی)، هەولێری (نەک هەولێریی)، شیرینـی (نەک شیرینـیی).

بەڵام ئەگەر وشەیەک بە بزوێنی درێژی (ی î) کۆتاییی بێت و پێش ئەو پیتەش دەنگێکی بزوێنی تر بێت ئەوە دەبێت ئەمیان بە (یی yî) بنووسین:

(ڕەشایی reşayî)، (بەرایی berayî)، (دوایی diwayî)، (کۆتایی kotayî)، (پانایی panayî)، (شێنەیی şêneyî)، (سنەیی Sineyî)، (هەڵەبجەیی Hellebceyî)، (ڕانیەیی Ranyeyî)، (ورمێیی Wirmêyî) و (شنۆیی şinoyî).

***

### ١٤. کێشەی (یە)

جاری وایە وشەکەی پێش (ە) بە پیتێکی بزوێن (ا ـ و ـ ۆ ـ وو ـ ە ـ ی ـ ێ)، کۆتاییی هاتووە، وەکوو: (مامۆستا)، ئەو کاتە ئیتر لە جیاتیی (ە) دەنووسین (یە): (مامۆستایە mamosta ye).

تێبینی: کاری (یە)ش هەر وەکوو (ە) دەبێت بلکێنرێت بە وشەکەی پێشیەوە: (مامۆستایە)، نەک (مامۆستا یە).

تەنانەت ئەگەر وشەکە بە (ی) کۆتاییی هات هەر پێکەوە دەنووسێنرێت: هەروەها:

(سپییە)، نەک (سپیە، سپی‌یە، سپی یە).

(چییە)، نەک (چیە، چی‌یە، چی یە).

(نییە)، نەک (نیە، نی‌یە، نی یە).

(کوردییە)، نەک (کوردی‌یە، کوردی یە).

***

### ١٥. کێشەی (و)ی پێوەندی (بەیەکەوەبەستن)

(و and) وشەیەکی سەربەخۆیە و دەبێ سەربەخۆ هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێت و نەلکێندرێت بە وشەکانی پێش و پاش خۆیەوە.

بۆ نموونە دەبێت بنووسرێت:

(من و تۆ) نەک (منو تۆ) یان نەک (منوو تۆ).

(سەر و ماڵ) نەک (سەرو ماڵ) یان نەک (سەروو ماڵ).

(هیوا و ئاوات) نەک (هیواو ئاوات).

سەرنج: نموونەکانی سەرەوە هەر کامەیان سێ وشەی جیاوازن و پێکەوە مانایەکی نوێ پێک ناهێنن و هەر بەتەنیا مانای خۆیان پاراستووە و جیاوازییان هەیە لەگەڵ وشەی لێکدراو کە لە خوارەوە باسیان دەکرێ.

***

### ١٦. (ی)ی پێوەندی

(ی)ی پێوەندی ئەو دەنگی (ی)یەیە کە دەکەوێتە نێوان دوو ناو، یان ناوێک و ئاوەڵناوێکەوە: مامۆستای قوتابخانە. کچی شۆخ.

ئەگەر وشەیەک خۆی بە (ی) کۆتاییی بێت، وەکوو: (کوردی، ئیسلامی، کرماشانی، سنەیی، کۆیی)، نابێت (ی)ی پێوەندی لەبیر بکرێت:

"یەکێتی نیشتمانی کوردستان" دەبێت وا بنووسرێت: "یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان".

**"ییی"**

جاری وایە وشەیەک خۆی بە "**یی**" کۆتاییی پێ دێت، لەو دۆخەشدا نابێت (ی)ی پێوەندی بقرتێنرێت. وەک: ڕەشاییی چاو، سەوزاییی دەشت، سەرەتاییی کچان.

وەرە بنوارە دوو دەستی حەناییم - حەناییی چی؟ هەموو خۆ خوێنە قوربان

"نالی"

تەجروبە پیشانی لە هەندێک شوێندا بۆ نموونە لەسەر تابلۆی قوتابخانە یان فەرمانگەیەک ئەستەمە "ییی" بنووسرێت. چونکە زۆر شوێن دەگرێت. باشترە تێبینیمان بۆ دۆخی نائاساییی وا هەبێت.

***

### ◻ ١٧. پیتی (ت) لە وشەدا

جاری وایە دەنگ یان پیتی "ت" لە وشەدا لەبیر دەکرێت، نابێت لەبیر بچێت و دەبێت بنووسرێت، وەک:

- دەستەسڕ نەک: دەسەسڕ.
- دەستاودەست نەک دەساودەس.
- ماستاوچی نەک ماساوچی.

***

### ◻ ١٨. جێناوی لکاوی سێیەم کەس

جێناوی لکاو لە کاری (تێپەڕ / متعدی)دا:

لە زمانی کوردیدا هەندێک جێناومان هەیە، بۆ نموونە جێناوی لکاوی (...م، ...ت، ...ی / ...مان، ...تان، ...یان). ئەمانە لەگەڵ (کاری تێپەڕ / فعل متعدی)دا بەکار دەهێنرێن، وەک: (خواردن، بردن، نووسین، بڕین، دزین، کڕین، گۆڕین، پرسین).

نموونەی گەردانکردن:

خواردن؛ خواردم، خواردت، خواردی / خواردمان، خواردتان، خواردیان.

***

ئەگەر قەدی کردارەکە خۆی بە ...ی کۆتاییی هاتبێت کاتێک کە جێناوی لکاویان دەخرێتە سەر نابێت ...ی بقرتێنرێت:

نووسین: نووسی: نووسیـ م نووسیـ ت، نووسیـ ی: نووسیم، نووسیت، نووسیی (نەک نووسی)

***

پرسـیـن:

پرسـی + م = پرسـیـم

پرسی + ت = پرسـیـت

پرسی + ی = پرسـیـی

دەبێت وا بنووسرێن: من پرسیم، تۆ پرسیت، ئەو پرسیی. (نەک ئەو پرسی).

نموونەی تر:

کاری تێپەڕ: (دزین، برین، کڕین، گۆڕین، نووسین)، کە لە سێیەم کەسی تاکدا دەبنە (ئەو دزیی، ئەو بڕیی، ئەو کڕیی، ئەو گۆڕیی، ئەو نووسیی).

هەروەها: پرسییان (نەک پرسیان)

## جێناوی لکاو لە کاری (تێنەپەڕ / لازم)دا:

بەڵام ئەگەر کردارەکە (کاری تێنەپەڕ / فعل لازم) بوو وەک (بارین، فڕین، خزین، وەرین، پژمین) ئەو کاتە لە دۆخی ڕابردوودا کەڵک لەم جێناوە لکاوانەی (...م، ...ی/یت، ... ـ / ...ین، ...ن، ...ن) وەردەگرین. ئەگەر قەدی کردارەکە بە ...ـیـ کۆتاییی هاتبێت لە کاتی خستنەسەری ئەو جێناوانەدا نابێت ...ـیـ لەبیر بکرێت. نموونەی گەردانکراو:

فڕین؛ فڕیـ م = فڕیم = من فڕیم، فڕیـ ی = فڕیی = تۆ فڕییـت، فڕیـ. = فڕی = ئەو فڕی.

تاک: فڕیم، فڕیی/فڕییت، فڕی.

کۆ: فڕیین، فڕین، فڕین.

***

نموونەی تر، پژمین بەپێی (...م، ...ی/یت، ... ـ / ...ین، ...ن، ...ن):

تاک: پژمین؛ پژمیـ ، پژمـیـم (من)، پژمـیـی/ پژمـیـیت (تۆ)، پژمـی (ئەو)

کۆ: پژمیین (ئێمە)، پژمیی/پژمییت (تۆ)، پژمین (ئێوە)، پژمین (ئەوان).

پرسـیـن:

پرسـی + م = پرسـیـم

پرسی + ت = پرسـیـت

پرسی + ی = پرسـیـی

دەبێت وا بنووسرێن: من پرسیم، تۆ پرسیت، ئەو پرسیی. (نەک ئەو پرسی).

نموونەی تر:

کاری تێپەڕ: (دزین، برین، کڕین، گۆڕین، نووسین)، کە لە سێیەم کەسی تاکدا دەبنە (ئەو دزیی، ئەو بڕیی، ئەو کڕیی، ئەو گۆڕیی، ئەو نووسیی).

هەروها لە دۆخی کۆی سێیەم کەسی کۆش هەر بە هەمان شێوەیە:

پرسییان (نەک پرسیان)

گۆڕییان (نەک گۆڕیان)

دزییان (نەک دزیان)

### ۱۹. جێناوی نیشانەی وەک (ئەم، ئەو، ئەڤ)

ئەگەر جێناوی نیشانە، ئاماژە بە کات (ڕۆژ، شەو، ساڵ) بکات، پێکەوە دەنووسرێن:

ئەمڕۆ، ئەمشەو، ئەمساڵ، ئەمجار

ئەمجار سەختتەرەن زامم جە جاران

چڵ مدۆ دایم چـون گەستەی ماران

مەولەوی

بەڵام ئەگەر پاش کاتەکە پاشبەندی (ە، ی) بنووسرێ ئەوە جێناوەکە جیا دەبێتەوە:

ئەم جارە، نەک (ئەمجارە)

ڕاست:

نـەمردم من ئـەگــەر ئەم جارە بێ تۆ

نەچم شەرت بێ هەتا ئەم خوارە بێ تۆ

نالی

هەڵە:

نـەمردم من ئـەگــەر ئەمجارە بێ تۆ

نەچم شەرت بێ هەتا ئەمخوارە بێ تۆ

دروست:

ئەم ڕۆژی ساڵی تــازەیــە نەورۆزە هاتەوە

جەژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشی و بەهاتەوە

پیرەمێرد

هەڵە:

ئەمڕۆژی ساڵی تـازەیـە نەورۆزە هاتەوە

جەژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشی و بەهاتەوە

***

### ⬚ .٢٠ دوودەنگە

دوودەنگە یان دیفتۆنگ ئەو بزوێنانەن کە زایەڵەی دوو دەنگیان تێدایە. ئەمانە پێویست ناکات پیتی تایبەتییان بۆ دابنرێت و هەر بە شێوەی دووپیتی دەنووسرێن: "وێ"، "وی".

شـوێـن، نـوێـن، کـوێ، خـوێ، گـوێـلک، سـوێـند.

تەنانەت لە شێوەزاری کوردیی خواروو (کەلهوڕی، گۆرانی، لەکی، فەیلی)ش هەر بەو شێوەیە دەبێت بنووسرێت و پێویست ناکات پیتی جیاکاری بۆ دابنرێت:

بیستـویـن (بێستوون)، چـوی (چۆن)، زوی (زوو)، دوێـت/دویـەت (کچ)، خـویـن (خوێن).

***

تاقیکاری: فەرموو زانیارییەکانت لە "ئەلفبێ"دا تاقی بکەرەوە:

تاقیکاری_لەسەر_ئەلفبێی_زمانی_کوردی

***

### ⬚ .٢١ وشەی لێکدراو (مرکب)

هەندێ جار دوو یان چەند وشە، کە هەر کامەیان بۆ خۆی واتایەکی هەیە، پێکەوە کۆ دەبنەوە و سەرجەم واتایەکی نوێتر پێک دەهێنن، بەم متوربەبوونە دەڵێن (وشەی لێکدراو). وشەی لێکدراو دەبێ بلکێن بە یەکەوە و نابێ بەجیا بنووسرێن و، بە چەند شێوە پێک دێن:

١. بێ هیچ یارمەتییەک:

جاری وایە "وشەی لێکدراو"، بێ هیچ یارمەتییەک دروست دەبێت و تەنیا وشەکان پێکەوە دەلکێن:
ڕەش + ماڵ = ڕەش ماڵ، کە پێکەوە واتایەکی تر پێک دەهێنن و ئەو کاتە دەبێ پێکەوە بنووسرێن: ڕەشماڵ.

مارماسی، شاهەنگ، لێوئاڵ، ڕدێنسپی، شاژن، مەلاژن، چاوکوێر، باڵابەرز ...

مار + ماسی = مارماسی (نەک: مار ماسی)

شا + هەنگ = شاهەنگ (نەک: شا هەنگ)

نموونەی تر:

لێوئاڵ، ڕدێنسپی، شاژن، مەلاژن، چاوکوێر، باڵابەرز

۲. بە یارمەتیی پیتی (و):

جاری وایە "وشەی لێکدراو"، بە یارمەتیی پیتی (و) پێکەوە دەلکێن:

ئاڵ + و + گۆڕ = ئاڵوگۆڕ.

مشت + و + مڕ = مشتومڕ.

دەنگ + و + باس = دەنگوباس.

["spacer height="20px]

۳. بە یارمەتیی پیتی (ە):

جاری وایە "وشەی لێکدراو"، بە یارمەتیی پیتەبزوێنی (ە) پێکەوە دەلکێن:

بەرد + ە + قارەمان = بەردەقارەمان.

گوڵ + ە + گەنم = گوڵەگەنم.

بەرز + ە + فڕ = بەرزەفڕ.

ئاگر + ە + دیوار = ئاگرەدیوار.

تێبینی:

"ە"ی نووسینی ناو بە ئاوەڵناوەوە دەلکێتە کۆتایی وشەی یەکەم، بەڵام بۆشایی دەبێت لەگەڵ وشەی دووەمەوە، نموونە:
شەوە گەرمەکە، بەفرە زۆرەکە، کچە جوانەکە، منداڵە لاسارە بزێوە هارەکە. (نەک: شەوەگەرمەکە، بەفرەزۆرەکە، کچەجوانەکە، منداڵەلاسارەبزێوەهارەکە).

وشەی لێکدراو بە گەلێ شێوەی جۆربەجۆر چێ دەبێت:

جۆرەکانی وشەی لێکدراو:

**۱. دوو ناوی سادە وەکوو:**

پێدەشت، تەختەکلیل، وێبخشۆک

**۲. دوو ناوی سادە، بە یارمەتیی یەکێک لەم ئامرازانە:**

**ئامرازی (ە):**

مانگەشەو، گوڵەگەنم، ئاگرەدیوار

**ئامرازی (و):**

هێلکەورۆن، دەموچاو، دەوروبەر

**ئامرازی (بە):**

دەربەدەر، نیشتمانبەدەر، جێبەجێ.

**٣. ناوێکی سادە و ئاوەڵناوێک، بە یارمەتیی ئامرازی پەیوەندیی (ە)، وەک:**

سەگەناز، کەرەدێز، ورچەسپی

**٤. ئاوەڵناو و ناویک، وەکوو:**

ڕەوانبێژ، شەوکوێر، ڕەشمار

**٥. ئاوەڵناو و ناوێکی سادە، بە یارمەتیی یەکێک لەم ئامرازانە:**

**ئامرازی (ە):**

ڕەشەوڵاخ، سوورەچنار، وشکەشیرینی

**ئامرازی (و):**

ڕەشوڕووت، مڕومۆچ، ئاڵوگۆڕ

**٦. ناوێکی سادە و ڕەگی کردار، وەکوو:**

گیرفانبڕ، پیاوکوژ، وێبگەڕ

**٧. ناوێکی سادە و ڕەگی کردار بە یارمەتیی ئامرازی (و)، وەکوو:**

دەستوبرد، دەستومۆچ

**٨. ئاوەڵناو  و ڕەگی کردار بە یارمەتیی ئامرازی (ە)، وەکوو:**

دێرینەناس، کۆنەفرۆش، شوێنەوارناس

**٩. دوو ڕەگی کردار بە یارمەتیی ئامرازی (و)، وەکوو:**

مشتومڕ، مڵچوهووڕ، گفتوگۆ

**١٠. ئاوەڵکردارێک و ناوێکی سادە، وەکوو:**

بەربانگ، بەرماڵ، پێشنیار.

**١١. ناوێکی سادە، یان ئاوەڵناوێک و وشەیەکی بێواتا، بە یارمەتیی ئامرازی (و)، وەکوو:**

گورجوگوڵ، گژوگیا، پڕوپووچ

**١٢. دووبارەکردنەوەی ناوێک بە یارمەتیی ئامرازی (ە)، وەکوو:**

لرفەلرف، گڤەگڤ، خشەخش.

**١٣. دووپاتکردنەوەی ناوێک بێ یارمەتیی ئامراز، وەکوو:**

کونکون، پلپل، گرنجگرنج

**١٤. ناوێک و فۆنێمی (ی)، وەکوو:**

زمانەوانی، ئاژەڵەوانی، ئاسمانەوانی.

**١٥. دوو ناوی سادە و فۆنێمی (ێ)، وەکوو:**

گەچکاری، هاوکاری، گەلکاری.

نموونەی تری وشەی لێکدراو:
خۆترنجێنەر، خۆکوژ، بەردباران، کاروبار، ئەلفبێ، هاتوچۆ، زانستپەروەر، زانستخواز، ئازادیخواز، وڵاتپارێز، سێشەممە، ڕاستەوخۆ، نیشتمانپەروەر، گوڵەگەنم، ڕێنووس، باوکمردوو، یەکگرتوو، ئاڵوگۆڕ، ڕۆژنامەنووس، هەواڵنێر، پەیامنێر، بەرزەفڕ، جەرگبڕ، مناڵپارێز، چەمچەماڵ، جێبەجێ، دەستبەجێ، کانیکەوە، هەڵگورد، تاقبۆستان (تاقۆسان)، ملهوڕ، تەختەکلیل، پاشبنەما، بنکەدراوە (databas)، بەستهێڵ (dash)، ڕوومێز (desktop)، زانیارینامە (encyclopedia)، ئاگرەدیوار.

***

## ٢٢. وشەی داڕێژراو

وشەی داڕێژراو بە وشەیەک دەوترێت کە لەگەڵ پێشگرێک یان پاشگرێک یان هەردووکیان وشەیەکی نوێتر پێک دەهێنن و پێکەوە دەنووسرێن، وەک:

لەگەڵ پێشگر: بەزات، بەهێز، تێچوون، بێکەس، هەڵکەندن، دابڕین

لەگەڵ پاشگر: خوێندنگە، بەرزایی، زستانێ، گوێچکە، وردەڵە

لەگەڵ پێشگر و پاشگر: بەجوانی، بێکەسی، بێبەشی،

بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر وشەی داڕێژراو تکایە چاو لەم بابەتە بکە: ڕێبازی داڕشتن

***

## ٢٣. فرمانی لێکدراو (فعل مرکب compound verb)

فرمان یان کرداری لێکدراو، بەو کردارانە دەوترێن کە بە یارمەتیی ناو یان ئەوەڵناوێکی (سادە، داڕێژراو، لێکدراو) لەگەڵ کردارێکدا چێ دەکرێن، بەتەنیا واتای خۆیان هەیە و پێکەوە کرداری لێکدراو چێ دەکەن، وەک:

(دەستبڕین، شەرمکردن، ملنان، سەرشکاندن، جێگەکردنەوە، ڕێگاگرتن، ماستاوکردن، سووربوون، نەخۆشکەوتن، سەرخۆشبوون، زینکردن، سوورکردن، ڕەشبوون، گەرمابوون، سەرمابوون، ناونان، نانخواردن).

ئەگەر لە دۆخی چاوگدا بن پێکەوە دەنووسرێن، وەک: شەڕکردن، کۆڵنەدان، خەباتکردن، تاڵانکردن، تێکدان، سەربڕین.
ئەگەر لە دۆخە جۆربەجۆرەکانی کردار (ڕانەبردوو، ڕابردووی سادە، ڕابردووی تەواو، ڕابردووی دوور) بن بەجیا دەنووسرێن:

## نموونەی گەردانکردنی فرمان یان کرداری لێکدراو (فعل مرکب):

فرمانی لێکدراو لە دۆخی چاوگ (مصدر)دا پێکەوە دەنووسرێن: نانکردن.
بەڵام لە دۆخەکانی تردا جیا دەکرێنەوە، بەتایبەت کە جێناوی لکاو دەکەوێتە نێوانیان:

چاوگ: نانکردن

ڕانەبردووی بەردەوامی، تاک: نان دەکەم، نان دەکەیت نان دەکات.
ڕانەبردووی بەردەوامی، کۆ: نان دەکەین، نان دەکەن، نان دەکەن.
ڕابردووی سادە، تاک: نانم کرد، نانت کرد، نانی کرد.
ڕابردووی سادە، کۆ: نانمان کرد، نانتان کرد، نانیان کرد.
ڕابردووی سادەی بەردەوامی، تاک: نانم دەکرد، نانت دەکرد، نانی دەکرد.
ڕابردووی سادەی بەردەوامی، کۆ: نانمان دەکرد، نانتان دەکرد، نانیان دەکرد.
ڕابردووی تەواو، تاک: نانم کردووە، نانت کردووە، نانی کردووە.
ڕابردووی تەواو، کۆ: نانمان کردووە، نانتان کردووە، نانیان کردووە.
ڕابردووی دوور، تاک: نانم کردبوو، نانت کردبوو، نانی کردبوو.
ڕابردووی دوور، کۆ: نانمان کردبوو، نانتان کردبوو، نانیان کردبوو.

ئەگەر لە دۆخەکانی تردا بن هەروەکوو دۆخی چاوگ پێکەوە دەنووسرێن: پێکهاتن، پێکهاتوو، پێکهاتە، پێکهێنراو. سەرکەوتن، سەرکەوتوو.

***

## ٢٤. کرداری داڕێژراو

کردار یان فرمانی داڕێژراو بە یارمەتیی پێشگر یان پاشگر چێ دەبێت و باشترە لە پێشدا بە ناسینی جۆری پێشگرەکان دەست پێ بکەین و وردە وردە بچینە ناو باسەکەوە:

### پێشگر

کورتەبەشێکن کە دەلکێن بە "کردار" یان چاوگ و دەیانکەنە داڕێژراو، دەتوانین پێشگرەکان دابەش بکەینە سەر "سادە" و "ناسادە".

پێشگری سادە: (دا، ڕا، وەر، هەڵ، ڕۆ، ڕێ، پێ، تێ، لێ، ڤێ، ڤە و هتد).

داکردن، ڕاخستن، وەرگەڕان، هەڵکردن، ڕۆچوون، ڕێکردن، پێخستن، تێخستن، لێوەشان، ڤێچوون، ڤەخارن، ڤەکوشتن.

پێشگری ناسادە، (پێدا، تێدا، پێڕا، تێوە، تێڕا، لێڕا، پێوە، پێک، تێک، ڕێک، وێک و هتد).

پێدابردن، تێداچوون، پێڕاگەیشتن، تێوەگلان، تێڕابردن، پێوەدان، پێکهێنان، تێکدان، ڕێکخستن، وێکچوون.

******

گەردانکردنی کرداری داڕێژراو

چ سادە و چ ناسادە لەگەڵ چاوگدا پێکەوە دەنووسرێن:
ڕاخستن، تێخستن، هەڵوەراندن، پێدابردن، تێوەگلاندن

لە کاتی گەردانکردندا

* (ا):

ئەگەر پێشگری سادە بن و بزوێنی (ا، ە)یان تێدا بێت وەک (دا، ڕا، هەڵ، دەر، وەر) ئەوا لەم دۆخانەدا پێکەوە دەنووسرێن:

چاوگ: داکردن، ڕاکردن، هەڵکردن، دەرکردن، وەرگەڕان.
ئەمری: داکە، ڕاکەن، هەڵخەن، دەرچن، وەرگەڕێ.
ڕانەبردوو: ڕادەکەم، هەڵدەکەین، دەردەچم، وەردەگەڕێنم.
بەرکاری: ڕاکراو، داکراو، هەڵخراو، دەرکراو، وەرسووڕاو.
ڕابردوو: لە دۆخی ڕابردوودا چونکە جێناوی لکاو دەکەوێتە نێوان پێشگرەکان و وشەکانەوە، ئەوە بەجیا دەنووسرێن:

***

داکردن:

دام کرد، دات کرد، دای کرد

دامان کرد، داتان کرد، دایان کرد.

هەڵکردن:

تاک: هەڵم کرد، هەڵت کرد، هەڵی کرد.

کۆ: هەڵمان کرد، هەڵتان کرد، هەڵیان کرد.

...

هەروەها پێشگرەکانی تر لە کاتی جێناودا جیا دەکرێنەوە، نموونە:

١. دۆخی چاوگ: ڕێکردن

٢. دۆخی ڕانەبردوو: ڕێ دەکەم، ڕێ دەکەیت، ڕێ دەکات / ڕێ دەکەین، ڕێ دەکەن، ڕێ دەکەن.

٣. دۆخی ئەمری: ڕێ کە/ڕی بکە، ڕێ کەن/ڕێ بکەن. ڕێ مەکە، ڕێ مەکەن

٤. دۆخی ڕابردووی سادە: ڕێم کرد، ڕێت کرد، ڕێی کرد / ڕێمان کرد، ڕێتان کرد، ڕێیان کرد.

٥. دۆخی ڕابردووی تەواو: ڕێم کردووە، ڕێت کردووە، ڕێی کردووە، / ڕێمان کردووە، ڕێتان کردووە، ڕێیان کردووە.

٦. دۆخی ڕابردووی دوور: ڕێم کردبوو، ڕێت کردبوو، ڕێی کردبوو. / ڕێمان کردبوو، ڕێتان کردبوو، ڕێیان کردبوو.

***

**لە دۆخەکانی تردا، پێکەوە دەنووسرێن:**

هەڵکشاو، هەڵخراو، هەڵنەکشاو، هەڵخزێنراو. دانراو، داسەپاو، دابڕاو. ڕاپەڕێنراو، ڕاپەڕیو، ڕاگوێزراو، ڕاکشاو. وەرگیراو، وەرگرتوو، وەرگرتە، وەرسووڕاو، وەرگێڕاو. دەرهێنراو، دەرخراو، دەرکراو، دەرچوو.

پێشگری ناسادە لەگەڵ چاوگدا یەک بگرنەوە لە کاتی گەردانکردندا هەمیشە بەجیا دەنووسرێن:

1. دۆخی چاوگی: تێوەگلاندن، پێڕاگەیاند، لێککردن، پێکهێنان
2. دۆخی ڕانەبردوو، بەجیا دەنووسرێن: تێوە دەگلێنم، تێوە دەگلێنیت، تێوە دەگلێنێت، / تێوە دەگلێنین، تێوە دەگلێنن، تێوە دەگلێنن.
3. دۆخی ئەمری، بەجیا دەنووسرێن: تێوە گلێنە! تێوە گلێنن!
4. دۆخی ڕابردووی سادە، بەجیا دەنووسرێن: پێم ڕاگەیاند، پێت ڕاگەیاند، پێی ڕاگەیاند، / پێمان ڕاگەیاند، پێتان ڕاگەیاند. پێیان ڕاگەیاند.
5. دۆخی ڕابردووی تەواو، بەجیا دەنووسرێن: لێکم کردووە، لێکت کردووە، لێکی کردووە، / لێکمان کردووە، لێکتان کردووە، لێکیان کردووە.
6. دۆخی ڕابردووی دوور، بەجیا دەنووسرێن: پێکم هێنابوو، پێکت هێنابوو، پێکی هێنابوو، پێکمان هێنابوو، پێکتان هێنابوو، پێکیان هێنابوو.

نموونەی تر لە کرداری داڕێژراو، ڕێکخستن:

ڕانەبردوو: ڕێک دەخەم ـ ڕێک دەخەی ـ ڕێک دەخات ـ ڕێک دەخەین ـ ڕێک دەخەن ـ ڕێک دەخەن.
ڕابردووی سادە: ڕێکم خست، ڕێکت خست ـ ڕێکی خست ـ ڕێکمان خست ـ ڕێکتان خست ـ ڕێکیان خست.
ڕابردووی تەواو: ڕێکم خستووە ـ ڕێکت خستووە ـ ڕێکی خستووە ـ ڕێکمان خستووە ـ ڕێکتان خستووە ـ ڕێکیان خستووە.
ڕابردووی دوور: ڕێکم خستبوو ـ ڕێکت خستبوو ـ ڕێکی خستبوو ـ ڕێکمان خستبوو ـ ڕێکتان خستبوو ـ ڕێکیان خستبوو.

کرداری لێکدراو: نانخواردن: نانم دەخوارد، نانت دەخوارد، نانی دەخوارد / نانمان دەخوارد، نانتان دەخوارد، نانیان دەخوارد.

تێبینی: ئەگەر فرمانەکە فرمانێکی سادە بوو وەک "خواردن" ئەوە هاتنی جێناو وشەکە کەرت ناکات:
کرداری سادە: خواردن: دەمخوارد، دەتخوارد، دەیخوارد / دەمانخوارد، دەتانخوارد، دەیانخوارد.

***

* ئاوڕدانەوەیەکی خێرا

چۆنێتیی نووسینی ئەو وشانەی کە لە چەند بەش پێک هاتوون:

١. یەکبەشی: کار

٢. دووبەشی: **کار** + **کردن**، پێکەوە دەنووسرێت: **کارکردن، نانکردن.**

٣. سێبەشی: **کار + تێ + کردن**، پێکەوە دەنووسرێت: **کارتێکردن.**

تێبینی: ئەگەر کۆتاییی وشەی یەکەم پیتەلکاو بێت دەتوانیت بە دوو شێوەی لکاو یان نەلکاو بینووسیت:

دەست تێخستن / دەستتێخستن

دەست لێدان / دەستلێدان

بەڵام باشترە هەر پێکەوە بنووسرێن: ماڵوێرانکردن، کارتێکردن،

٤. چواربەشی: **پێ + لێ + هەڵ + گرتن**، دوو وشەی یەکەم بەجیا دەنووسرێن و دوو وشەی کۆتایی پێکەوە دەنووسرێن:

پێ لێ هەڵگرتن

گەردانکراو: پێی لێ هەڵگرت، پێی لێ هەڵمەگرە، پێمان لێ هەڵگرتووە، کاری تێ کرد، دەستی لێ هەڵگرت، دەستی لێ دا، دەستی لێ دەدەین، نانی کرد، نان دەکەین، کاری تێ کرد.

***

تێبینی:

زۆر گرنگە لە کاتی گەردانکردندا هێندە وردبین بین کە سێیەم کەس لەگەڵ چاوگدا تێکەڵ نەکەین، بۆ نموونە:

هەڵە:

نوێنەرەکان لە ڕێککەوتنێکدا لەسەر هەشت خاڵ ڕێککەوتن.

ڕاست:

نوێنەرەکان لە ڕێککەوتنێکدا لەسەر هەشت خاڵ ڕێک کەوتن.

### ٢٥. پرێپۆزیشن (preposition)

ئامرازی پێوەندی (حروف اضافە - حرف جر) لە زمانی کوردیدا جاری وایە لە ڕستەدا تەنیا دەردەکەون و پێیان دەوترێت "پێشبەند":

گۆران دەچێت بۆ کرماشان.

لێرەدا بۆ پێشبەندێکە کە پێش ناوی کرماشان کەوتووە.

کۆسار بە فڕۆکە فڕی بۆ کوردستان.

لێرەدا بە پێشبەندێکە کە پێش ناوی فڕۆکە کەوتووە، هەروەها بۆ پێشبەندێکە کە پێش ناوی کرماشان کەوتووە.

ئەو جۆرە پێشبەندانە پێیان دەوترێت پێشبەندی نەلکاو یان پێشبەندی سەربەخۆ. پێشبەندی سەربەخۆ لە ڕستەدا سەربەخۆ دەنوسرێت و نالکێت بە وشەی پێش یان پاش خۆیەوە.

جاری وایە ئەم پێشبەندانە لەگەڵ پاشبەندێکدا دەکەونە ئەملا و ئەولای وشەیەکەوە، وەکوو:

(لە سلێمانی دا)،

ئەو کاتە بەم دووانە دەوترێت: "دەوربەند یا لابەند" (circumposition)، چونکە ئەملا و ئەولای وشە دەگرن.

ئەم دیاردەیە لە زمانێکەوە بۆ زمانێک جیاوازیی هەیە، زمانی وا هەیە لابەندیان هەر نییە یان زۆر کەم هەیانە. بۆ نموونە فارسی، بەڵام لە زمانی تری وەکوو کوردی، پەشتوو و ئینگلیزی بە شێوازی تایبەت بە خۆیان لابەندیان هەیە.

لە زمانی کوردیدا چەند جۆرێک لابەندمان هەیە:

1. لە ...دا
2. لە ...وە
3. لە ...ەوە
4. لە ...ێ
5. لە ...ڕا
6. بە ...ەوە

لەم دۆخانەدا پێشبەندەکان بە سەربەخۆ دەنووسرێن و پاشبەندەکان دەلکێن بە وشەکانی پێشیانەوە وەکوو:

1. له کوردستاندا
2. له کرماشانەوە
3. له کوێوە
4. له تارانێ
5. له کوێڕا
6. بە ئاسمانەوە

تێبینی:
پاشبەندەکان پێیان دەوترێت پاشبەندی لکاو.

له کرمانجیدا که بە ئەلفبێی لاتینی دەنووسن، هەم پێشبەندەکان و هەمیش پاشبەندەکان بەجیا دەنووسن، بەڵام بەم ئەلفبێی کوردی عەرەبییە ئەگەر جیا بکرێنەوە وشەکان سەیروسەمەرە دەردەچن بۆ نموونە ناکرێت بنووسین:
له کوێ وە هاتووی؟ له تاران ێ هاتووم.
بۆیە پێشبەندەکان بە سەربەخۆ دەنووسین و پاشبەندەکان دەلکێنین بە وشەی پێشیانەوە:
له پۆلدا وانە دەوترێتەوە. نەک: (له پۆل دا وانە دەوترێتەوە.)
له ماڵدا، نەک: (له ماڵ دا)

دەوربەندەکان مەرج نییە که تەنیا دەوری یەک وشە بگرن بەڵکوو جاری وای دەکەونە ئەملا و ئەولای چەند وشەوە، وەکوو:
"نالی" که غوڵامی مەدەدی زوڵف و برۆتە
شاهێکە له بن سایەیی باڵی دوو هۆمادا
جاری وایە بەم شێوەیە دەردەکەوێت:
لەو شارەدا تۆم بینی.
من دەمێکە بەدوای ئەو وشەیەدا دەگەڕێم.
من ماوەیەکە بەدوای ئەم وشەیەدام.
***
تێبینی: هەندێ کەس بەهەڵە زۆر جار "دا" که پاشگرە بە "کردار = فعل" دادەنێن و له وشەکەی پێش خۆیەوە دووری دەکەنەوە. بۆ نموونە له باتیی "من در خانە هستم." دەنووسن: من له ماڵ دام. پێیان وایە "دام" بەرانبەر بە "هستم"ی فارسییە، که بیری وا هەڵەیە، چونکە ئەگەر وا بێت خۆ دەبێت لەباتیی "من سوئدی هستم" بنووسرێت: "من سویدی دام"، باش دەزانن ئەوە هەڵەیە. ئەمە نیشان دەدات که لەو نموونەیەدا بەس "م" بەرانبەرە بە "هستم"ی فارسی:
من کورد هستم: من کوردم.
هەروەها:
هەڵە: من له ماڵ دام.

ڕاست: من لە ماڵدام.

***

### ٢٦. کێشەی "دە" و "ئە"

لە دەقە کۆنە کوردییەکاندا هەمیشە نیشانەی "دە" بەکار هێنراوە، وەکوو "دەڕۆم" لە باتیی "ئەڕۆم"، ئەوڕۆکە "ئە" زیاتر سەری هەڵداوە، بەڵام بۆ پاراستنی شێوازی ئەدەبیی کوردی تا بکرێت باشترە کەڵک لە "دە" وەربگرین لە باتیی "ئە".

نالی دەفەرمێت:

گەر دەپرسی من لەبەر چی کەم دەخۆم

من بە برسی قەت مەزانە غەم دەخۆم

***

### ٢٧. کێشەی (لە)

(لە)، هەندێ جار سەربەخۆ دەنووسرێت: "شۆڕش لە کوردستاندا گەرمە."
هەندێ جار دەلکێ بە وشەکەی پاشیەوە و وشەیەکی لێکدراو پێک دێنێ: (لەگەڵ with)، (لەسەر on)، (لەژێر under). لەو دۆخانەدا نابێ بە دوو وشە جیا کرێنەوە و بنووسرێ: (لە گەڵ، لە سەر، لە ژێر).
(لە)، هەندێ جار لەگەڵ (ئەوێ) و (ئێرە) کۆ دەبێتەوە و ئەو کاتە، (ئە) و (ە ئ) دەقرتێنرێن:
لە ئەوێ = لەوێ.
لە ئێرە = لێرە

***

### ٢٨. کێشەی (بێ) یان (بەبێ)

لێرەدا دەمانەوێ بەراوردکارییەک لەگەڵ زمانە ئەورووپییەکاندا بکەین، بۆ ئەو مەبەستە باشترە بە نموونەیەک دەست پێ بکەین:
جیاوازیی (بێکار) لەگەڵ (بێ کار) لە چیدایە؟ لکاندن یان نەلکاندنی (بێ) بە وشەکەی پاشی خۆیەوە بەتەواوی واتای وشەکە دەگۆڕێ:
ئەو پیاوە دوو ساڵ بێکار بوو.
بێ کار ژیان ئەستەمە. دەکرێ ئاواش بینووسینەوە: بەبێ کار ژیان ئەستەمە.
هەر کاتێ ناوێکت هەبوو و خاوەنێتییەکی لێ سەندرابێتەوە (بێ) دەلکێنین بە سەرەتای وشەکەوە:
بێباوک، بێخانوو، بێکەس، بێوڵات، بێنیشتمان، بێپارە، بێتام:
واتە: کەسێ کە باوکی نییە. کەسێ کە خانووی نییە و هتد.
ئەم مەبەستە، لە زمانە ئەورووپییەکاندا، زۆر جار بە پاشکۆیەک کە دەلکێ بە وشەکەوە دیاری دەکرێت:

بێخانوو = homeless

بێتام، بێچێژ = tasteless

(بێ...) = (...less)

که جیاوازیی هه‌یه‌ له‌گه‌ڵ (without):

(بێ، به‌بێ) = (without)

بێ (به‌بێ) تۆ ناچم بۆ ئه‌وێ = I do not go there without you

***

### ۲۹. کێشه‌ی ئامرازی (تر) و وشه‌ی (تر)

ئامرازی به‌راوردکردن (تر، ترین) ده‌بێت بلکێن به‌ وشه‌کانی پێشیانه‌وه‌، وه‌کوو:

جوان، جوانتر، جوانترین

گه‌رم، گه‌رمتر، گه‌رمترین

وشه‌ی (تر) به‌ واتای (دی، دیکه‌)

وشه‌ی (تر) وشه‌یه‌کی سه‌ربه‌خۆیه‌ و ده‌بێت به‌جیا بنووسرێت:

کابرایه‌کی تر، شه‌وێکی تر، نووسه‌رێکی تر.

***

ئامرازی "پێ"، "تێ"، "لێ"

ئه‌م ئامرازانه‌ به‌جیا ده‌نووسرێن و نابێت بنووسێن به‌ وشه‌ی تره‌وه‌، نموونه‌:

پێ:

پاره‌م پێ نه‌ما (نه‌ک پاره‌م پێنه‌ما).

قسه‌که‌یان پێ بریم. (نه‌ک قسه‌یان پێبڕیم).

تێ:

ده‌ستی تێ خست. (نه‌ک ده‌ستی تێخست).

لێ:

ده‌ستم لێ دا. (نه‌ک ده‌ستم لێدا). واته‌ ده‌ستم "له‌ ئه‌و"، "له‌ ئه‌وه‌" دا. له‌ ئینگلیزشدا به‌جیا ده‌نووسرێت:

I touched him.

ده‌نگی لێ هه‌ڵبڕی. (نه‌ک ده‌نگی لێهه‌ڵبڕی).

به‌ڵام ئه‌و ئامرازانه‌ ده‌نووسێن به‌ "جێناو"ی لکاوه‌وه‌ (م، ت، ی، مان، تان، یان):

پێم وت. پێت وت. پێی وت، پێمان وت، پێتان وت. پێیان وت.

لێی دا.
لێم سەند.

***

□ ٣٠. ئاوەڵکار (قید)

کاتێ وشەیەک چۆنێتیی (کار، فرمان، کردار = فعل)ێک ڕوون کاتەوە پێی دەوترێ ئاوەڵکار (قید). نموونە:
ئاسۆ بەخێرایی قسەی دەکرد. (چۆن قسەی کرد؟ "بەخێرایی")
سۆما بەتووڕەیی وەڵامی دایەوە. (چۆن وەڵامی دایەوە؟ "بەتووڕەیی")
لانە بەئەسپایی هاتەوە. (چۆن هاتەوە؟ "بەئەسپایی).
ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنجڕکێشانە، ئەوەیە کە "بە" دەلکێت بە ئاوەڵناوەکەی پاشیەوە و، نابێت لێک دوور بخرێنەوە. نموونەی تر:
بەجوانی، بەشادی، بەبەرزی، بەهێواشی، بەتوندی.
ئەم شێوازە لە زمانی ئینگلیزیدا (ly) دەگرێت و لەو زمانەشدا دەنووسێت بە ئاوەڵناوەکەوە: (بەسەختی (lyhard، نەک (بە سەختی) hard ly).
(بە) کاتێک واتای سەربەخۆی هەبێت بەجیا دەنووسرێت.

بە چی دەڕۆیت؟ (ئامرازی پێوەندی preposition ە ، بەجیا دەینووسین):

بە ئۆتۆمبیل چووین بۆ پاریس.

We went by car to Paris.

***

چۆن دەڕۆیت؟ (ئاوەڵکارە، پێکەوە دەینووسین: هێواش: بەهێواشی، خێرا: بەخێرایی):

بەهێواشی چووین بۆ پاریس.

We went slowly to Paris.

***

□ ٣١. وشەی بیانی

هەر وشەیەکی بیانی هاتبێتە ناو کوردییەوە دەبێ بە ڕێنووسی کوردی بنووسرێت یان ئەگەر پێویست بوو وەکوو خۆی بنووسرێتەوە دەبێ بخرێتە ناو دوو کەوانەوە (...).
ئەڵڵا، قەڵەم، ئەکبەر.
لە زمانی کوردیدا بە (مذهب) دەڵێن "ڕێباز".

***

تاقیکاری:

ئەگەر پێتان خۆشە لە زانیاریی خۆتان لە ڕێنووس و ڕێزماندا تاقی بکەنەوە، فەرموون لە چەند تاقیکارییەک بۆ ئەو مەبەستە بەشداری بکەن:

تاقیکاری

***

### ☐ ٣٢. خاڵبەندی

خاڵبەندی بەشێکی گرنگە لە ڕێنووسی زمانێکدا، ئەو بابەتە بەجیا لێرە چاوی لێ بکەن: (خاڵبەندی) .

### ☐ ٣٣. تەختەکلیلی ستانداردی کوردی

بۆ نووسین بە کوردی تەنیا کەڵک لە تەختەکلیلێک وەربگرن کە لەلایەن گرووپەکانی زانستپەروەرانی کورد، کوردئایتیگرووپ، چاوگ، فەرمانگەی ئایتیی کوردستان، ئەکادیمیای کوردی، حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە فەرمی ناسێنراوە، هەر ئەوەش لە سیستەمەکانی مایکرۆسۆفت و ئوبونتوو و هتد جێگیر کراوە. لە هەندێک لەم شوێنانەدا دەتوانن تەختەکلیلی کوردی دابگرن:

١. فەرمانگەی ئایتیی کوردستان (تەختەکلیلی ستاندارد بە ڕیزبوونی ئینگلیزی یان عەرەبی)

٢. کوردئایتیگرووپ (تەختەکلیلی ستاندارد + فۆنت)

٣. چاوگ (تەختەکلیلی ستاندارد)

٤ وێبچن (بۆ ڕاژە لە بواری وێب)

٥. زانستپەروەرانی کورد (بۆ ڕاژە لە بواری ئایتی)

***

### ☐ ٣٤. تێبینی و ژێدەر

ئەم خاڵانە لەسەر بنەمای بڕیارەکانی "ئەکادیمیای کوردی" لەسەر ڕێنووس: "١"، "٢" ئامادە کراون. هەروەها بە هاوکاری لەگەڵ گرووپە ئایتییەکانی زانستپەروەرانی کورد، کوردئایتیگرووپ، چاوگ و بڕیارەکانی "فەرمانگەی تەکنۆلۆجیای زانیاری" لە کوردستان و ڕەوتی چێبوونی تەختەکلیلی کوردی لەسەر بنەمای یونیکۆد و کاری زمانناسانی تری وەک "مامۆستا فەرهاد شاکەلی" ئامادە کراون. هەروەها بۆ سەردەمیانەکردنی ناوەرۆکەکە کەڵک لە ئەزموون و تەجروبەی زمانانی سویدی و ئینگلیزی وەرگیراوە.

ئەم خاڵانە کراون بە بنەما بۆ نووسینەکانی ماڵپەڕی "زانستپەوەرانی کورد" و بەرنامەی فێرگەی زمانی کوردی کە ڕاستەوخۆ لە ئاسۆسات بۆ ماوەی چوار ساڵ لە 2010 بەو لاوە بڵاو کرایەوە. هەروەها لە ڕۆژهەڵات بوو بە بنەما بۆ زۆر فێرگەی تری زمانی کوردی.

**تێبینی:**

زمان بەردەوام لە گۆڕاندایە، هەر لەبەر ئەوە ئەم خاڵانەش دەتوانێت لە داهاتوودا گۆڕانیان بەسەردا بێت یان دەوڵەمەندتر و بەپێزتر بکرێن. هەر بۆیە ئەم ماڵپەڕە و ئەم بابەتی ڕێنووسە **نوێترین بڕیارەکان** لەخۆ دەگرێت.

## مافی لەبەر گرتنەوە یان کۆپیرایت:

هەموو ئەم بابەتانە بۆ ئەوە ئامادە کراون کە بەبێ بەرامبەر و بەخۆڕایی بگەنە بەردەستی هەموو کورد لە هەموو دنیادا. هەر بۆیە زیاتر بە دیجتاڵی لەبەردەستدان. هەندێک جار کراون بە پی‌دی‌ئێف. هەر قوتابی یان خوێندکار یان نووسەرێک بۆی هەیە بۆ کاری توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و کتێبنووسین بەکاری بهێنێت. وەک سەرچاوە دەتوانن ئاماژە بکەنە ئەمەی خوارەوە:

**سەرچاوە**: "**ڕێنووسی زمانی کوردی، ئامادەکردنی: دیاکۆ هاشمی، یەکەم بڵاوکردنەوە: 2003-09-06**".

**دوایین نوێکردنەوە: 2019-03-14. ناونیشانی ماڵپەڕ:** ڕێنووس diyako.yageyziman.com/.

***

بابەتی پێوەندیدار:

1. ڕێنووسی یەگرتووی زمانی کوردی، بەدران حەبیب، ئەکادیمیای کوردی، ٢٠٠٤
2. هەوڵۆچکەیەکی تری، بەرەو ڕاستە ڕێیەکی ڕێنووسی زمانەکەمان، ئەکادیمیای کوردی، ٢٠١٠
3. پتر لە (٤٠) خاڵ کە زیاترین هەڵەی ڕێنووسییان تێدا دەکرێت دەق.
4. پتر لە ٤٠ خاڵ کە زیاترین هەڵەی ڕێنووسییان تێدا دەکرێت: ڤیدیۆ
5. ڕێنووسی زمانی کوردی، زانستپەروەرانی کورد، یاگەی زمانی کوردی، فێرگەی زمانی کوردی
6. ڕێنووسی زمانی کوردی، دیاکۆ، پی دی ئێف
7. کێشەی نووسینی بزوێنی (i) لە زمانی کوردیدا، دیاکۆ هاشمی
8. (ک) یان (ك)؟، دیاکۆ هاشمی
9. ڕێنووس بە ڤیدیۆ
10. کتێبی قوتابخانەکانی باشوور
11. ئەپلیکەیشنی قوتابخانەی ئەلیکترۆنی eWane
12. ئەپلیکەیشنی هەورەفێرگە
13. فەرهەنگەکانی ڤەژین
14. ڤەژینبوکس دەقی ئەدەبیی کوردی
15. کوردینووس، پرۆگرامێک بۆ گۆڕانی دەقی ئارامی و لاتین
16. فۆنت و تەختەکلیلی کوردی، فەرمانگەی ئایتیی کوردستان

17. فۆنت و تەختەکلیلی کوردی، کوردئایتیگرووپ
18. فۆنتی کوردی kurdfonts.com
19. دیمانەی گۆڤاری "وشە" لەگەڵ دیاکۆ، لەسەر رێنووسی زمانی کوردی

***

ئامادەکردنی: **دیاکۆ هاشمی**

یەکەم بڵاوکردنەوە: 2003-09-06

دوایین نوێکردنەوە: 2021-01-10

|

***

**کۆتایی**

---